ئەم بابەتە لە بەرواری 2014/05/24 لە لایەن م.محمدرافع لە شاری هەولێر گوتراوەتەوە و لەلایەن دۆستان و قوتابییەکانی نووسراوەتەوە و بڵاوکراوەتەوە.

**پلەو پایەی پێغەمبەرمان(عليه السلام و البركات) بە بەراوورد**

**لەگەڵ پێغەمبەرانی دیکە(عليهم السلام) چۆنە؟**

**ئایا پێویستە پێغەمبەر(عليه السلام و البركات) چۆن بناسین؟**

**ئایا سەرەتای پێغەمبەرایەتی پێغەمبەرمان کەی دەست پێ دەکات؟ ئایا پێغەمبەرمان وەکو (رسول و نبي) دەبێ بمرێت؟ پسپۆڕیی هەر یەك لە پێغەمبەران لە چییە؟ ئایا لێهاتوویی (مؤهلات)ی پێغەمبەرمان(عليه السلام و البركات) چییە و لێهاتوویی هەریەکێك لە پێغەمبەرانی دیکە چین؟ ئایا (تفضيل و رفع درجات)ی کامە پێغەمبەر لە هەموویان بەرزترە؟**

**ئایا خودای ڕەحمان ئەو پێغەمبەرەی ناساندووە لە قورئان؟ (اولوا العزم) کێن.. یادکردنی پێغەمبەران بۆکێیە و بۆ چییە؟ ئایا پێغەمبەران بۆ پێغەمبەرمان چی دەگەیەنن و بۆ ئێمە چی؟**

**کاتێك (فؤاد) بەگەڕدەخرێت.. پایەی پێغەمبەرمان(عليه السلام و البركات) لە ناوهێنانیەوە دیارە. دەستەواژەی(خەمبار مەبە الله(ﷻ) لەگەڵمانە) کێ دەگرێتەوە؟**

**ئایا کەی دەنگ بەرزکردنەوە کردار بەتاڵ دەکاتەوە؟ کێ کێی بە (خليل) هەڵبژارد؟**

**شیکردنەوە ی ئێش وناڵە (معانات) و**

**پەرۆشی (حرص)ی پێغەمبەر(عليه السلام و البركات). کاتێك پێغەمبەر(عليه السلام و البركات) لە ئیمانداران نزیکتر دەبێتەوە لە خۆیان زیاتر بۆ خودی خۆیان...**

ئەم باسانەمان دەربارەی ئەوەیە کە ئایا دەبێ چۆن پێغەمبەرمان بناسین، لەم بارەش چەندین جۆر نمایش هەیە، هەریەك لەم نمایشکراوانەش لە ڕوانگەیەکی دیاریکراودا دەیخاتەڕوو، بەڵام لێرەدا بە پشتیوانی خودا هەوڵدەدین ویستی خودا یان پێناسەی خودای ڕەحمان چۆنە لۆ پێغەمبەرمان(عليه السلام و البركات) هەر بەم شێوەیە بیخەینە ڕوو، واتا تێڕوانینی پەروەردگارییانە (الرؤية الربانية) لۆ پێغەمبەرمان(عليه السلام و البركات) و پێناسەی خودای ڕەحمان لۆ پێغەمبەرمان چییە ئەوەی دەخەینەڕوو.

**ئەم تێڕوانینەش پێکدێت لە چوار تەوەر:**

1- پەیوەندی پێغەمبەران لەگەڵ پێغەمبەرمان(عليه السلام و البركات).

2- تێڕوانینی پەروەردگارییانە لۆ پێغەمبەرمان و پێغەمبەرانی دی(عليهم السلام).

3- پەیوەندی خودای الرحمن الرحيم لەگەڵ پێغەمبەرمان(عليه السلام و البركات).

4- پەیوەندی مەخلوقات لەگەڵ پێغەمبەرمان(عليه السلام و البركات) و پەیوەندی پێغەمبەرمان لەگەڵ مەخلوقات و پەیوەندی پێغەمبەرمان لەگەڵ گرۆی ئیمانداران.

باسکردنی ئەم چوار تەوەرەش بێگومان لە خودی قورئانەوە باس دەکەین.

## پلەو پایەی پێغەمبەرمان(علیه السلام و البركات) بە بەراوورد لەگەڵ پێغەمبەرانی دیکە(علیهم السلام) چۆنە؟

سەرەتا باس لە پلە و پایەی پێغەمبەرمان لە نێو پێغەمبەران(علیهم السلام) دەکەین، خودای ڕەحمان چۆن پێناسەی پێغەمبەرمان دەکات و چۆن ناونیشانی پێغەمبەرمان دەستنیشان دەکات لە نێو هەموو پێغەمبەران و چۆنی وەسف دەکات؟ لۆئەوەی ئێمە نزیك ببینەوە لە ناسینی پێغەمبەرمان(علیه السلام و البركات) بە گوێرەی تێڕوانینی پەروەردگارییانە، دووجۆرە تێڕوانین هەیە لۆ ژیاننامەی پێغەمبەر(علیه السلام و البركات)، تێڕوانینێك دەڵێ لە ساڵی ئەوەندەو ڕۆژی ئەوەندە پێغەمبەرمان لە دایکبووە، و لە ساڵی ئەوەندە و ڕۆژی ئەوەندە کۆچی دوایی کردووە، کە بە بڕوای ئێمە ئەمە تێڕوانینێکی بەشەرییانەیە لۆ پێغەمبەرمان(علیه السلام و البركات)، واتا لەم حاڵەتە ئێمە وەکو بەشەرێك سەیری پێغەمبەرمان دەکەین، بەڵام ئەگەر بڵێین پێغەمبەرمان تەمەنێکی دیکەی هەبوو، وەك ئەوەی پێغەمبەر بەخۆی فەرموویەتی: (كُنْتُ نَبِيًّا وَآدَمُ بَيْنَ الْمَاءِ وَالطِّينِ) ئەوە تێڕوانینێکی جیایەو لە بواری تێڕوانینە مرۆییە دەریدەهێنین لۆ ئەو بوارەی کە پێویستە پێغەمبەرمان لەم پایە و مەقامەی کە شیاویەتی لێی دابنرێت، کەواتە لەدایکبوونی پێغەمبەرمان وەکو (نبي) لەو ساتەوە دەستی پێکردووە کە جارێ ئادەم خەلق نەکراوە، لە قورئانیش مێژووی وەفاتی پێغەمبەر دیارینەکراوە، کە ئاخۆ پێغەمبەرمان (رسالية) یان (نبوة)ی دمرێ، بەڵکو جێشوێنی (آثار) پێغەمبەرمان دەمێنێتەوە تا ڕۆژیی دوایی، چونکە ئەگەر بێتوو پێغەمبەرمان(علیه السلام و البركات) (رسالية) یان (نبوة)ی نەما ئەو کات جگە لە سەردەمی خۆی ئەوا بەشەرەکانی دیکە مافی ئەوەیان دەبێت کە لە ڕۆژی دوای گلەیی لێبکەن و بڵێن نەمانتوانی وەکو هاوەڵە بەڕێزەکان باشترین سود لە بوونت بکەین لە دونیا، بەڵام خودای ڕەحمان ناهێڵێ خەڵکی ئەو بیانوو و پاساوەیان هەبێت لەسەر پێغەمبەر(علیه السلام و البركات)، مانەوەی پێغەمبەرمان بە مانەوەی (رسالية) و (نبوة)ی پێغەمبەر و بە مانەوەی خودای ڕەحمان و (تكليف و إقامه حجة)یە لەسەر بەشەرییەت، کەواتە پێغەمبەرمان وەکو (رسول و نبي) نابێ بمرێت. ئەمەی باسمان کرد پێشەکییەك بوو لۆ بابەتە سەرەکییەکە.

### پۆلێنکردنی پێغەمبەران لە نێو قورئان

پێغەمبەرمان(علیه السلام و البركات) وەك لە فەرموودی صەحیح ئاماژەی لۆ دەکات ژمارەی (أنبياء) بریتییە لە (124,000) پێغەمبەر، کەچی لە قورئان ئاماژە بە (25) پێغەمبەر دەکات، دیارە ئەو (25) پێغەمبەرەی لە قورئان ناویان هێنراوە بە گوێرەی پسپۆڕییە (النبوي)یەکەیان یەك لەوی دیکەیان لەپێشتریان هەبووە(التفضيل)، پێغەمبەر هەبووە (صديق) بووە، پێغەمبەر هەبووە (مخلص) بووە، پێغەمبەر هەبووە (محسن) بووە، کەواتە لەناو چوارچێوەی (نبوة) (أنبياء) پسپۆڕییان هەبووە، (نبوة) بە چوار قۆناغ تێدەپەڕێت، لە سوڕەتی (ال عمران) باری تعالی ئاماژەی لۆ دەکات: (إِنَّ اللهَ اصْطَفَى آدَمَ و نوحا وَآلَ إِبْرَاهِيمَ وَآلَ عِمْرَانَ عَلَى الْعَالَمِينَ * ذُرِّيَّةً بَعْضُهَا مِنْ بَعْضٍ وَاللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ)(آل عمران33-34)، قۆناغی یەکەم بە (ئادەم) دەست پێدەکات، پاشان (نوح)(علیهم السلام)، لەبەرئەوەی ئەوانە هەردووکیان سەرەتاکانی مێژووی (نبوة)ن، لەبەرئەوەیە وەك کەس و خود تایبەت دەکرێت، بەڵام پاشان (آل إبراهيم)، کە پێغەمبەریشمان لە زنجیرەی (آل إبراهيم)ە، کەشێکی دیکە و حاڵەتێکی دیکە لە چەمکی (رسالة) لەنێو قورئان ئاماژەی لۆ دەکرێت، لە دوای ئەویش (آل عمران) دێت، دیارە لە نێو ئەو چوار قوتابخانەی (نبوة)ە جۆرێك لە پەسەندکاریی و بەباشترزانین (تفضلات) هەیە، جۆرێك لە بە تایبەتیکردن هەیە، خودای ڕەحمان لە قورئان ئاماژەی لۆ دەکات کە دەفەرمووێت: (وَلَقَدْ فَضَّلْنَا بَعْضَ النَّبِيِّينَ عَلَى بَعْضٍ)(الإسراء55)،

کەواتە لەنێو (أنبياء) بەباشترزانین (تفضلات) هەیە، هەر وەکو لەنێو هەر کۆمەڵ و پسپۆڕییەك ئەمە هەیە، خودای ڕەحمان لە دوو جێگە ئاماژە بە بەباشترزانینکاریی (مفاضلة) دەکات لە نێوان پێغەمبەران، کەواتە قوتابخانەی (النبوة)ت قوتابخانەیەکە جووڵە و چالاکییەکی زۆی تێدایە، کە لە ڕەهەندی بەشەریی چەندیان بۆ کرابێت هەوڵیان داوە (رسالیة و النبوة) دابەزێننە سەر ژیانیان، هەر لەم ساتی دابەزاندنەی ڕەهەندی بەشەرییەکەیان خودای ڕەحمان گرتەکانی ژیانیان لە ڕێی پێغەمبەرەوە لۆمان باس دەکات، واتە ژیانی پێغەمبەران هەمووی وانەیە لۆ پێغەمبەرمان(عليهم السلام و البركات)، ئینجا ئێمەش لە ڕێگەی پێغەمبەرەوە وانە لە ژیانی پێغەمبەران وەردەگرین، واتا ئێمە ئەو مافەمان نییە ڕاستەخۆ بچینە خزمەت (أنبياء) و وانەیان لێ وەربگرین، واتە ئەو مافەمان نەدراوەتێ، ئەم مافە تەنیا دراوەتە پێغەمبەرمان(عليه السلام و البركات)، چونکە ئەو پێغەمبەرە و لە ئاستی پێغەمبەران مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات، ئینجا ئێمەش وەکو شوێنکەوتەیەکی پێغەمبەرمان(عليه السلام و البركات) دەتوانین شت لە پێغەمبەر وەربگرین، وەك هاتووە کە ڕۆژێك عومەری کوڕی خەتاب پارچەیەك تەوڕاتی لە دەست بوو، کاتێك پێغەمبەرمان(عليه السلام و البركات) ئەمەی لەدەست بینی گلەیی لێکرد، و فەرمووی: ( و الله لو كان موسى إبن عمران حيا بين أظهركم ما وسعه إلا أن يتبعني).

وەك باسمان کرد جووڵە و چالاکییەکانی پێغەمبەران لە قورئان بە کۆمەڵێك دۆخ تێپەڕیوە چ وەکو کەس و چ وەکو (نبوة) و (رسالة)، لەبەرئەوەیە خودای ڕەحمان هەموو ئەمانە کۆ دەکاتەوە و بە چەمکی وشەی بەباشترزانین (تفضيل) ناویان دێنێت (وَلَقَدْ فَضَّلْنَا بَعْضَ النَّبِيِّينَ عَلَى بَعْضٍ وَآتَيْنَا دَاوُودَ زَبُوراً)(الإسراء55)، کەواتە ئەگەر چەمکی بەباشترزانین (تفضيل) هاتە گۆڕێ بەڵگەی ئەوە نییە کە بەکەمگرتنە لۆ ئەوەی بەباشترزانراوە(مفضل)، پێویستە لەم خاڵە ئاگادار بین.

**(اولوا العزم) کێن.. یادکردنی پێغەمبەران بۆ کێیە و بۆ چییە؟**

**کاتێك (فؤاد) بەگەڕدەخرێت**

خودای ڕەحمان مافێك دەداتە (أنبياء)، ئەو مافە لە ساتی پیادەکردنی دابەزاندنی چەمکەکانی پەیام (رسالة)ە لۆ واقیع، لۆ نموونە باسی (أولوا العزم) دەکات لە نێو پێغەمبەران(عليهم السلام) وەك دەفەرمووێت: (فَاصْبِرْ كَمَا صَبَرَ أُوْلُوا الْعَزْمِ مِنَ الرُّسُلِ)(الأحقاف35)، کەواتە پەیامبەریان تێدایە (أُوْلُوا الْعَزْم)ن، ئەمانەش کۆمەڵێکن و تایبەتن و ناوەکانیان لە قورئان هاتووە، واتە ئەمانە بە هەڵوێستەکانیان دەبنە ئوستاز ومامۆستا لۆئەو پسپۆڕییەی کە پێیەوە هاتوون، لە سەردەم و شوێنی خۆیان، و بتوانن سود بگەیەنن بە پێغەمبەرمان(عليه السلام و البركات)، هەر لەبەرئەم حاڵەتەیە خودای ڕەحمان بە پێغەمبەرمان ڕادەگەیەنێت کە ئەو (ذکر)ی (أنبياء) بکات کە دەفەرمووێت: (وَاذْكُرْ إِسْمَاعِيلَ وَالْيَسَعَ وَذَا الْكِفْلِ وَكُلٌّ مِّنْ الْأَخْيَارِ)(ص48)، واتە پێغەمبەر(عليه السلام و البركات) لە قورئان فەرمانی پێکراوە کە یاد (ذکر)ی ئەو پێغەمبەرانە بکات، یادی هەڵوێستەکانیان بکات، پێغەمبەر(عليه السلام و البركات) وەك کەسێکی (نبوي) کۆمەڵێك لێهاتوویی (مؤهلات)ی بەشەرییانەی هەبووە، لۆ نموونە (فؤاد)ی پێغەمبەر ئیشی کردووە و توانیویەتی ببینێت، وەك دەفەرمووێت: (مَا كَذَبَ الْفُؤَادُ مَا رَأَى * أَفَتُمَارُونَهُ عَلَى مَا يَرَى)(النجم11-12) کەچی پێغەمبەری دیکە فؤادیان ئیشی نەکردووە، هەڵبەت کاتێك (فؤاد) ئیش دەکات کۆمەڵێك تایبەتمەندی یان کۆمەڵێك ڕاستەقینە لۆ پێغەمبەرمان ئاشکرا دەبێت، لەوانەیە پێغەمبەری دیکە پێی نەگەیشتنبن، یان وەك خۆی لە فەرموودەی صحيح دەفەرمووێت: (إني اراكم من خلفي كما أراكم من أمامي) واتە من دەتانبینن لە کاتێك ڕووم لێتانەو بە هەمان

شێوە دەتانبینم کاتێك پشتم لێتانە، یان کاتێك لە غەزای خەندەق لە پێغەمبەر داوا کرا ئەو بەردە بشکێنێت کە هاوەڵان نەیاندەتوانی بیشکێنن، جەنابیان دەستی دایە بەردشکێنەکە و بەردەکەی شکاند، بریسکەیەکی لێ هەڵسا و تەکبیرەی کرد (أللە أکبر)، هاوەڵان لێیان پرسی ئەم تەکبیرەیەت چی بوو؟ فەرمووی بینیم موسڵمانان (قوسطەنطینیە) ئازاد(فتح) دەکەن، دیسان بەهەمان شێوە بریسکەیەکی دیکەی کرد، دیسان (أللە أکبر)ی کرد، دیسان گووتیان چی بوو؟ فەرمووی وڵاتی فارس ئازاد دەکرێت، کەواتە ئەگەر بێین وردبینی بکەین ئەوا دەردەکەوێت بە گوێرەی پێغەمبەرمان کات نەبوو، ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو هەمووی وەکو یەك بووە لەلای پێغەمبەرمان[(علیه السلام و البرکات)]، ئەمە کۆمەڵێك سیفاتی کەسیی پێغەمبەرمان بووە، کە پێغەمبەری دیکە نەیانبووە، ئەمە لە بواری بەباشترزانین (فضائل)ی پێغەمبەرمانە لەسەر پێغەمبەرانی دیکە وەك دەفەرمووێ: (تِلْكَ الرُّسُلُ فَضَّلْنَا بَعْضَهُمْ عَلَى بَعْضٍ مِّنْهُم مَّن كَلَّمَ اللّهُ وَرَفَعَ بَعْضَهُمْ دَرَجَاتٍ) نەك هەر (تفضیل) بەڵکو پلە بەرزکردنەوەکان (رفع الدرجات)یش باس دەکرێت، ئینجا تەواوی دەکات: (وَآتَيْنَا عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ الْبَيِّنَاتِ وَأَيَّدْنَاهُ بِرُوحِ الْقُدُسِ)(البقرة253)، کەواتە لە ناو پێغەمبەران هەیە کە پلەی بەرزە و هەیە بەو شێوەیە بەرز نییە، ئەمە هەمووی لە نێو بازنەی تایبەتمەندییەکانی پێغەمبەرانە، کە خودای ڕەحمان ئاماژەی پێ داوە، ئەوەی زانایان (خودا لێیان ببورێت) باسیان کردووە کە (الأنبیاء و المرسلین) هەموویان وەك یەکن، لە وەڵامدا دەڵێین نەخێر، هەر لەبنەڕەتدا (أنبیاء یان مرسلین) هەیە گلەیی لێکراوە لە قورئان وەك دەفەرمووێ: (وَعَصَى آدَمُ رَبَّهُ فَغَوَى)(طه121) چەمکی وشەی (عصیان)ی لۆ بەکارهێناوە ئینجا دەفەرمووێ: (فَتَلَقَّى آدَمُ مِن رَّبِّهِ كَلِمَاتٍ فَتَابَ عَلَيْهِ)(البقرة37)، ئەمە قورئانە دەفەرمووێ: (وَعَصَى آدَمُ رَبَّهُ فَغَوَى)(طه121) کاتێك خودای ڕەحمان ئاوای فەرمووبێت، ئەوا مرۆڤەکان مافی ئەوەیان نییە بڵێن ئەو حاڵەتە نەبووە لە قورئان، چونکە دەقی ڕەوانی ئایەت ڕەت دەکاتەوە، تەنانەت (أنبیاء)ی دیکە لە قورئان خودی ڕەحمان ئاماژەیان لۆ دەکات بەم جۆرە حاڵەتانە، کەواتە لەبەرئەوەی بە چەمکی (تفضیل و رفع الدرجات) پێغەمبەرمان لە لووتکە بووە لە بەرزترین ئاستی پلەی زانستی (الأنبیاء و المرسین)ەکان بووە، لەبەرئەمەیە بەرزترین پایە ئەو پایەیە کە خودای ڕەحمان کۆنگرەیەك لە ئاسمان دەبەستێت، کە هەموو (أنبیاء) تێیدا بەشداری دەکەن، ئەگەر لەم ئایەتە وردبینەوە کە دەفەرمووێ: (وَإِذْ أَخَذَ اللّهُ) لێرە وشەی (أَخَذَ) هەیە ئینجا (مِيثَاقَ النَّبِيِّيْنَ) تەنانەت وشەی (النَّبِيِّيْنَ) هاتووە و بە (أنبیاء) نەهاتووە، ئەگەر بێیتە شێوازی هاتنی وشەی (النَّبِيِّيْنَ) کە بە پیتی الیف و همزە نەنووسراوە وەك (أنبیاء) بەڵکو بە (مِيثَاقَ النَّبِيِّيْنَ) نووسراوە، ئەویش وەك ئەوەیە کە وەکو مرۆڤێك دانیشتبێ ، بەڵام وشەی (أنبیاء) وەك بڵێی مرۆڤەکە لەسەر قاچەکانی وەستابێت، خودای ڕەحمان ئەندازەی وشە هێنانەوەکەی بە ئەندازەگیرییەك بەکاریدێنێت، وێنەی کۆنگرەکە وا دەردەکەوێت (أنبیاء) هەمووی دانیشتوون، ئەوەی دانیشتووە دەبێ گوێڕایەڵ بێت، گوێگرتنی بە هەستەوە بێت تا بزانێت لایەنی بەرامبەر چی دەڵێت، مرۆڤ کاتێك بیەوێت لەبەرامبەرەکەی تێبگە، ئەوا هەموو هەستی دەخاتە سەر گوێچکەکانی، بە بێ وێکچوواندن کۆنگرەیەکی لەم جۆرە، کە خودای ڕەحمان لە ئاسمان دەیبەستێت، بەچی؟ باسی (أخذ) دەکات (وَإِذْ أَخَذَ اللّهُ مِيثَاقَ النَّبِيِّيْنَ لَمَا آتَيْتُكُم مِّن كِتَابٍ وَحِكْمَةٍ) هەموو پێغەمبەرێك (کتاب و حکمة)ی لەلا بووە، لە ناو قورئان هەر پێغەمبەرێك کە (رسالة)ی لەلا بووە ئەوا (حکمة)ی لەلا بووە، کە (الحکمة)ش بریتییە لەم بارستە(کتلة) مافە ئاینییە و چۆنییەتی دابەزاندنی لە واقیع؟ ئەویش بە گوێرەی ویستی خودای، ئەمەیە پێیدەگووترێت (الحکمة)، واتە ئەو (رسالة)ی لۆی هاتووە و دابەزاندنی ئەو (رسالة)یە لۆ واقیع بە گوێرەی ویستی خودای ڕەحمان ئەمە پێیدەگووترێت (حکمة) لە قورئان، ئینجا فەرموویەتی: (وَإِذْ أَخَذَ اللّهُ مِيثَاقَ النَّبِيِّيْنَ لَمَا آتَيْتُكُم مِّن كِتَابٍ وَحِكْمَةٍ) پاشان پەرەپێدانی تێدا هەیە (ثُمَّ جَاءكُمْ رَسُولٌ) نەیفەرمووە (نبي)، ئەوانەی دانیشتوون هەمووی (النَّبِيِّيْنَ)ن، ئەی ئەوەی دێت چییە؟ (رسول)ە، کەواتە پایەی ئەوەی هاتووە لەسەرووی پایەی ئەوانەیە کە

لە کۆنگرەکە دانیشتوون، (ثُمَّ جَاءكُمْ رَسُولٌ) واتە ئەو (رسول)ە جگە لە ویستی خودای ڕەحمان هیچی دیکە دانابەزێنێت، وشەی (رسول) جیاوازی هەیە لەگەڵ وشەی (نبي)، وشەی (رسول) لێرە بە دیاریکراویی و لە سەدا سەد وشەکانی خودای ڕەحمان دەگوازێتەوە و هیچی دیکەی لەلا نییە، تەنانەت لێرە فەرموودەش نییە، لە نێو چەمکی (رسالة) و (رسول) فەرموودە نییە، لە چەمکی (النبوة) فەرموودە هەیە، لۆیە لێرەدا پێغەمبەرمان(علیه السلام و البرکات) هیچ ناکات تەنیا وشەکانی خودای ڕەحمان دەگوازێتەوە لۆ بەرامبەرەکەی، کەواتە (ثُمَّ جَاءكُمْ رَسُولٌ) هەڵوێستی چییە بەرامبەر (النَّبِيِّيْنَ)؟ بریتییە لە (مُّصَدِّقٌ لِّمَا مَعَكُمْ) ئەی ئەوان دەبێ هەڵوێستیان چی بێت؟ هەموو پێغەمبەرەکان لە کۆنگرەکە دانیشتوون دەبێ هەڵوێستیان (لَتُؤْمِنُنَّ بِهِ) بێت، واتە دەبێ ئیمانی پێ بێنن، واتە هەموو پێغەمبەرکان دەبێ ئیمانی پێ بێنن، لۆ؟ چونکە ئەو (رسول)ە نەك (نبي) بێت، (ثُمَّ جَاءكُمْ رَسُولٌ) واتە وەك ئەوە وایە پێغەمبەری ئێمە دەبێتە پێغەمبەری ئەوانیش، و ئەوانیش دەبنە ئیماندار، بەمەش (نبوة)تیان نامێنێت و (نبوة)یان لە بەرامبەر پێغەمبەر دەکەوێت، واتە پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر بەرامبەر موسی(علیه السلام)، بەرامبەر پێغەمبەر عیسی(علیه السلام)، بەڵام عیسی(علیه السلام) ئیمانی پێ دێنێت، لۆ نموونە (بەبێ وێکچوواندن) ئەگەر بێتو پێغەمبەر موسی ئێستا بوونی هەبێت بەڵام (رسالة)ەکەی نامێنێت و ناتوانێت شاد بێت و (رسالة)ەکەی خۆی پیادە بکات، بەڵکو دەبێ ئیمان بێنێت بە پێغەمبەری ئێمە (لَتُؤْمِنُنَّ بِهِ)، وەك ئەوەیە کەوا کۆنگرەیەکی سەربازییە، و هەموو (أنبياء) دانیشتووەنە و پێغەمبەرمان ڕاوەستایە و دەبێ پێغەمبەرەکانی دانیشتوو هەمووی ئیمان بە پێغەمبەری ئێمە بێنن، ئەی دواتر چی؟ پاشان دەبێ نەصرەتیشی بدەن، (وَلَتَنصُرُنَّهُ)، (بەبێ وێکچوواندن) ئەگەر پێغەمبەرمان پایەی سەرۆکی (نبي)یان بێ، لە ڕووی سەربازییەوە بێت بەرزترین ئاستی هەیە، تاکو ئەوان ببن بە سەرباز لەژێر دەستی، کاتێك پێغەمبەرمان جووڵەی کرد، دەبێ ئەوان (نصرة)تی پێغەمبەرمان بدەن، ئەوان پەیوەندییان بە نەخشەکە نییە، هەروەها ئەوان پەیوەندییان بە پێشخستن یان دواخستن نییە، کەواتە دەبێ ئیمانی پێ بێنن و (نصرة)تیشی بدەن، ئەی باشە کێ سەرپەرشتی ئەو کۆنگرەیە دەکات؟ بێگومان سەرپەرشتیکار(الله)یە، (وَإِذْ أَخَذَ اللَّهُ مِيثَاقَ النَّبِيِّيْنَ لَمَا آتَيْتُكُم مِّن كِتَابٍ وَحِكْمَةٍ ثُمَّ جَاءكُمْ رَسُولٌ مُّصَدِّقٌ لِّمَا مَعَكُمْ لَتُؤْمِنُنَّ بِهِ وَلَتَنصُرُنَّهُ قَالَ أَأَقْرَرْتُمْ)(آل عمران81)، خەڵکی هەولێری کۆن کاتێك دەچوون لۆ فەرمانگەکانی دادگا و تاپۆ دەیانگووت تەقریرمان دا، واتە لە وشەی (إقرار) هاتووە، بەو مانایەی لە هەموو شتێك دەستمان هەڵگرت، کاتێك کابرایەك خانوویەك دەخاتە سەر ناوی کەسێکی ترەوە تەقریری لێ وەردەگرن، ئەویش لە بەرامبەر سەرۆکی فەرمانگەکە، ئەویش پێی دەڵێت هیچ مافێکت ماوە لەسەر ئەم خانووە؟ لەوەلامدا کابرایەکەش دەڵێت نەخێر، ئایا فرۆشتت بەم بڕە پارەیە؟ ئەویش دەڵێ بەڵێ، بە شایەتی فلانە کەس؟ دەڵێ بەڵێ، بەمە دەگوترێت دانپێدانان (تەقرير) خودای ڕەحمان بە (أنبياء) دەفەرموێت: (قَالَ أَأَقْرَرْتُمْ) پاشان (وَأَخَذْتُمْ عَلَى ذَلِكُمْ إِصْرِي)؟ ئەوان چییان وەڵام دایەوە؟ (قَالُواْ أَقْرَرْنَا) ئینجا خودای ڕەحمان دەفەرمووێ: (قَالَ فَاشْهَدُواْ) واتە هەمووتان وەرن پەنجەمۆر بکەن لێرە، (وَأَنَاْ) خودای ڕەحمان دەفەرمووێ: (وَأَنَاْ  مَعَكُم مِّنَ الشَّاهِدِينَ)(آل عمران81)، خودای ڕەحمان ئەویش پەنجەمۆری لەسەر دادەنێ، کەواتە (تفضيل)ی پایەی پێغەمبەرمان لە (أخذ الميثاق)ەوەیە، خودای ڕەحمان سەرپەرشتی دەکات لەسەر کۆنگرەیەك، کە هەموو (أنبياء) دانیشتوون، وەکو سەربازێك و پێغەمبەرمان ڕاوەستاوە خاوەنێتی هەموو مەڕاسیمەکان دەکات، دەبینین لێرە فریشتەکان ڕۆڵیان نییە، و ناوی فریشتەکان نەهاتووە، چونکە خودای ڕەحمان هیچ نێوەندێکی ناوێت لێرە، چونکە (أنبياء)ەکان هەموو لە بەرامبەرینە و باسی (رسالات)یش ناکات، لۆ؟ چونکە (أنبياء) لەوێ هەن، و بابەتەکە لەگەڵ ئەوانە، و خودی (أنبياء)ەکانە و پەیوەندی بە نەتەوەکانەوە نییە، لۆیە باسی ئوممەتەکان ناکات، ئەگەر سەیر بکەین نە باسی ئوممەتانی

تێدایە و نە باسی (رسالات)ی تێدایە و نەباسی فریشتەکانیشی تێدایە، هەموویان لەوێن لە خزمەت خودای ڕەحمان دانیشتوون، و وەکو سەربازێك سەرنج دەدنە جوولەیان، ئەمە لە سوڕەتی (آل عمران).

کەواتە ئەنجامی ئەمەمان لۆ ئاشکرا دەبێت کە ڕاستەقینانە (تفضیل)ی پێغەمبەرمان بە هەموو پلەیەك لەسەر (الأنبیاء و المرسلین) ڕوون و ئاشکرایە.

## پایەی پێغەمبەرمان لە ناوهێنانیەوە دیارە

ئینجا لێرە دێینە خزمەت وردەکارییەکان، ئایا خودای ڕەحمان لە قورئاندا چۆن ناوی پێغەمبەرانی هێناوە و ئینجا چۆن ناوی پێغەمبەری ئێمەی هێناوە؟ وەك دەفەرمووێ: (يَا آدَمُ اسْكُنْ أَنتَ وَزَوْجُكَ الْجَنَّةَ)(البقرة35)، ناوی دێنێت بە ئەی ئادەم خۆت و خێزانت لە بەهەشت جێنشین بن، یان دەفەرمووێت: (قِيلَ يَا نُوحُ اهْبِطْ بِسَلَامٍ مِّنَّا)(هود48)، (وَنَادَيْنَاهُ أَنْ يَا إِبْرَاهِيمُ * قَدْ صَدَّقْتَ الرُّؤْيَا)(الصافات104-105)، ئەمانە هەمووی ئاخاوتنی پەروەردگارییانەیە خودای ڕەحمان لەگەڵ (أنبیاء) بە ناو ئاخافتنیان لەگەڵ ئەنجام دەدات، بەڵام ئەی پێغەمبەرمان ئایا بەهەمان شێوەیە؟ لە هیچ شوێنێکی قورئان نییە بڵێت (یا محمد)، واتە (بەبێ وێکچوواندن) رب العالمین لەگەڵ (أنبیاء) بەبێ چەمکی (النبوة)ت مامەڵەیان لەگەڵ دەکات، کاتێك قسەیان ئاڕاستە دەکات بەبێ نبوة ئاخاوتنیان لەگەڵ دەکات ئەویش (یا نوح، یا إبراهیم، یا عیسی) ئەوەتا دەفەرمووێ: (وَإِذْ قَالَ اللهُ يَا عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ أَأَنتَ قُلتَ لِلنَّاسِ اتَّخِذُونِي وَأُمِّيَ إِلَـهَيْنِ)(المائدة116)، لێرەدا (نبوة)ت ڕۆڵی نامێنێت، بەڵام هەرچی لەگەڵ پێغەمبەرمانە هەرهەمووی (نبوة و رسالة)تە ، هەر هەموو بانگهێشتەکانی قورئانی لۆ پێغەمبەرمان بە (یا أیها النبي و یا أیها الرسول)ە، تەنانەت هەندێ جێگە هەیە خودای ڕەحمان گلەیی (عتاب) لە پێغەمبەرمان دەکات، بەڵام گلەییەکە گلەیی خۆشەویستێکە لۆ خۆشەویستەکەی (عتاب محب لحبیبه)، دیسان گلەییەکەش بە (یا أیها النبي و یا أیها الرسول) دەخاتە ڕوو، تەنیا بۆ ناساندن ناوی پێغەمبەرمان لە قورئان هاتووە کاتێك دەفەرمووێ: (مَّا كَانَ مُحَمَّدٌ أَبَا أَحَدٍ مِّن رِّجَالِكُمْ)(الأحزاب40) ئەم ناوهێنانە لۆ ناساندنە نەك لۆ بانگکردن بێت، (یا محمد) نییە لە قورئاندا، لۆ زانین لە قورئان هەموو (أنبیاء)ەکان بە ناوی خۆیان ناویان هاتووە، سەیر ئەوەیە هەموو نەتەوەکانیش کاتێك بانگی پێغەمبەرەکانیان کردبێ بە ناوی خۆیان بانگیان کردوون، لۆ نموونە (یا موسی) (قَالُواْ يَا مُوسَى اجْعَل لَّنَا إِلَـهاً كَمَا لَهُمْ آلِهَةٌ)(الأعراف138) دەڵێن (یا موسی)، ناڵێن (یا أیها النبي)، (قَالُواْ يَا هُودُ مَا جِئْتَنَا بِبَيِّنَةٍ)(هود53)، (وَقَالُواْ يَا صَالِحُ ائْتِنَا بِمَا تَعِدُنَا)(الأعراف77)، ئوممەتەکانیش (أنبیاء)ەکانیان بە ناوی خۆیانەوە بانگ کردووە، بەڵام دەربارەی پێغەمبەری ئێمە دەفەرمووێت: (لَا تَجْعَلُوا دُعَاء الرَّسُولِ بَيْنَكُمْ كَدُعَاء بَعْضِكُم بَعْضاً)(النور63)، (إِنَّ الَّذِينَ يُنَادُونَكَ مِن وَرَاء الْحُجُرَاتِ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْقِلُونَ)(الحجرات4)، لۆ زانین بەداخەوە مەلاکان و بانگخوازان لەسەر مینبەرەکان دەڵێن: (یا محمد ئاوا بکە)وەك بڵێیێ خولامی بێ! یان ڕاڤەکاران (مفسرین) کاتێك ڕاڤەی ئایەتەکانیان نووسیوە (یا محمد)ی نووسیوە، ئەگەرچی رب العالمین فەرمانی پێ دەکات نابێ بلێیت (یا محمد) ئەمە لە ژیانیدا، ئەی چۆن دەبێت لەدوای لە دونیا دەرچوونی؟ ئێمە لەخۆمان حەرامکردووە بە پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) بڵێین (یا محمد) چونکە فیطرە بەرگەی گووتنی ناگرێت، ئەمە لە بواری ئیمانە، ئینجا ئەگەر خودای ڕەحمان حەرامی کردبێ هاوەڵان ناوی بێنن، چۆن ئێمە جیاوازی لە نێوان کۆمەڵێك پیغەمبەر لەگەل پێغەمبەرمان دەکەین؟ پێغەمبەر موسی(علیه السلام) لە قورئان خودای ڕەحمان پێنج نیشانەی (وسام)ی داوەتێ کە فەرموویەتی: (وَأَلْقَيْتُ عَلَيْكَ مَحَبَّةً مِّنِّي وَلِتُصْنَعَ عَلَى عَيْنِي)(طه39) (وَاصْطَنَعْتُكَ لِنَفْسِي)(طه41)، ئەمانە هەمووی نیشانەن، تانجن ئەستێرەن لەسەر شانی پێغەمبەر موسا، بەڵام کاتێك بابەتکە دێتە سەر چەمکی (رسالة)ت پێغەمبەر موسا دەفەرمووێت: (قَالَ رَبِّ اشْرَحْ لِي صَدْرِي{25}

وَيَسِّرْ لِي أَمْرِي{26} وَاحْلُلْ عُقْدَةً مِّن لِّسَانِي{27} يَفْقَهُوا قَوْلِي{28} وَاجْعَل لِّي وَزِيراً مِّنْ أَهْلِي{29} هَارُونَ أَخِي{30} اشْدُدْ بِهِ أَزْرِي)(طه25-31) ئەمانە هەمووی داواکارین پێغەمبەر موسی بە زمانی خۆی داوایان دەکات (رَبِّ اشْرَحْ لِي صَدْرِي)، بەڵام پێغەمبەرمان بەبێ ئەوەی داوابکات خودای ڕەحمان فەرموویەتی: (أَلَمْ نَشْرَحْ لَكَ صَدْرَكَ {1} وَوَضَعْنَا عَنكَ وِزْرَكَ{2} الَّذِي أَنقَضَ ظَهْرَكَ{3} وَرَفَعْنَا لَكَ ذِكْرَكَ{4} فَإِنَّ مَعَ الْعُسْرِ يُسْراً{5})(الشرح1-5)، پێغەمبەر موسی لە (أولوا العزم)ە پێغەمبەرێکە زۆر جێگەی ڕیز بوو لەلای خودای ڕەحمان کەچی داوای (ئینشراح الصدر) دەکات، بەڵام پێغەمبەرمان بەبێ ئەوەی داوای بکات دەفەرمووێت: (أَلَمْ نَشْرَحْ لَكَ صَدْرَكَ {1} وَوَضَعْنَا عَنكَ وِزْرَكَ{2})(الشرح1-5).

## دەستەواژەی (خەمبار مەبە الله(ﷺ) لەگەڵمانە) کێ دەگرێتەوە

لە هەڵوێستێکی دیکەدا کاتێك پێغەمبەر موسی لەگەڵ شوێنکەوتەکانی لە کاتی دەرچوونیان لە قاهیرەو چوونە ناو نیل فیرعەون بەدوایان دەکەوێت، دۆخەکە گەیشتە ئاستێکی دیاریکراو شوێنکەوتانی پێغەمبەر موسی کاتێك سەیری دواوەی خۆیان کرد بینییان فیرعەون و سەربازەکان لێیان دیارن و کەمێکیان ماوە پێیان بگەن و بیانکوژن چییان گووت؟ (فَلَمَّا تَرَاءى الْجَمْعَانِ قَالَ أَصْحَابُ مُوسَى إِنَّا لَمُدْرَكُونَ)(الشعراء61)، ئەمە کاتێك یەکتریان بینی! (فَلَمَّا تَرَاءى الْجَمْعَانِ)، (قَالَ أَصْحَابُ مُوسَى إِنَّا لَمُدْرَكُونَ)(الشعراء61)، بەڵام پێغەمبەر موسی چی وەڵامدانەوە؟ (قَالَ كَلَّا إِنَّ مَعِيَ رَبِّي سَيَهْدِينِ)(الشعراء62)، بەڵام لە حاڵەتی لەم جۆرە پێغەمبەرمان بزانین چی گووتوە؟ (إِلاَّ تَنصُرُوهُ فَقَدْ نَصَرَهُ اللّهُ إِذْ أَخْرَجَهُ الَّذِينَ كَفَرُواْ ثَانِيَ اثْنَيْنِ إِذْ هُمَا فِي الْغَارِ إِذْ يَقُولُ لِصَاحِبِهِ لاَ تَحْزَنْ إِنَّ اللّهَ مَعَنَا)(التوبة40) نەیفەرمووە (إِنَّ مَعِيَ رَبِّي سَيَهْدِينِ)! بەڵکو فەرموویەتی: (إِنَّ اللّهَ مَعَنَا)، دەبێ ئەمە چ پلەوپایەك بێت لۆ ئەبوبەکری صدیق؟ یان چ ڕیزگرتنێك بێت لۆی(إِذْ يَقُولُ لِصَاحِبِهِ)، ئەگەرچی پێغەمبەر موسی(علیه السلام) لەو ساتەی باسمان کرد برایەکەی پێغەمبەر (هارون)ی لەگەڵ بوو، بەڵام موسی علیه السلام هەر فەرمووی: (إِنَّ مَعِيَ رَبِّي سَيَهْدِينِ) سەرەڕای برایەکەی بەڵکو نەتەوەکەی هەموو لەگەڵی بوو، کەچی ئەوهای فەرمووە: (إِنَّ مَعِيَ رَبِّي سَيَهْدِينِ)، بەڵام پێغەمبەرمان کاتێك فەرموویەتی: (لاَ تَحْزَنْ إِنَّ اللّهَ مَعَنَا) ئەو وتەیەی پێغەمبەر ئێمەش دەگریتەوە، (فأَنزَلَ الله سَكِينَتَه عَلَيه).

## ئەو کاتەی دەنگ بەرزکردنەوە کردار بەتاڵ دەکاتەوە؟

ئینجا دەربارەی ئەو ڕێزەی کە پێویستە لە پێغەمبەر بگیرێت فەرموویەتی: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَرْفَعُوا أَصْوَاتَكُمْ فَوْقَ صَوْتِ النَّبِيِّ وَلَا تَجْهَرُوا لَهُ بِالْقَوْلِ كَجَهْرِ بَعْضِكُمْ لِبَعْضٍ أَن تَحْبَطَ أَعْمَالُكُمْ وَأَنتُمْ لَا تَشْعُرُونَ)(الحجرات2) ئەم ئایەتە شڵەژێنەرترین ئایەتە لۆ هاوەڵان، لەمە شڵەژێنەرتر نابێت لۆ هاوەڵان، واتە شتێك بکات بەبێ ئەوەی هەستی پێبکات، کە شتێکی کردووە بە هەڵە کەچی کردارەکانیشی هەموو بەتاڵ ببێتەوە(حبوط)، لۆزانین وشەی (حبوط العمل) لە قورئان تەنیا لۆ کوفر هاتووە، واتە کابرای هاوەڵ تەنیا دەنگی لەخزمەت پێغەمبەر بەرز بکاتەوە یەکسەر هەموو کردارەکانی بەتاڵ (حبوط) دەبێتەوە، لۆ بەم شێوەیە؟ چونکە: (إِنَّ الَّذِينَ يَغُضُّونَ أَصْوَاتَهُمْ عِندَ رَسُولِ اللَّهِ أُوْلَئِكَ الَّذِينَ امْتَحَنَ اللَّهُ قُلُوبَهُمْ لِلتَّقْوَى لَهُم مَّغْفِرَةٌ وَأَجْرٌ عَظِيمٌ)(الحجرات3)، هەر بە فیطرە پێغەمبەرمان پایەی لە ناو دڵان هەیە، جا چ جای دڵی ئیماندار؟ ئەگەر بێتو کردەییانە پێغەمبەرمان(علیه السلام و البرکات) لە ناو دڵی ئیمانداران پایەی هەبێ دەبێ ئیماندار هەڵسوکەوتی لەگەڵ پێغەمبەرمان چۆن بێت؟ یەکێك لەم بەشەی هەڵسوکەوتی ئیمانداران لەگەڵ پێغەمبەرمان بریتییە لە ڕێگەی مامەڵەکردنی ئاخاوتنیانە لەگەڵیدا، چونکە ئەگەر هاتوو کردەییانە یەکێك

پایەی یەکێکی لەلا هەبێت ئەوا لە کاتی ئاخاوتن لەگەڵیدا نەرێنییانە هەڵناچێت و قسە بە هەڵچوون لەگەڵیدا ناکات، بەڵکو بە ڕێز و ڕەوشت و پایەبۆدانانەوە قسەی لەگەڵ دەکات، ئەم پایەیە لۆ مرۆڤی بەرامبەری دادەنێت، بە گوێرەی ئەو پایەیەی قسەی ئاڕاستە دەکات، لۆ نموونە یەکێك لە ئێمە بچێتە بەرامبەر بەرپرسێك بە شێوە ئاساییەکەی خۆی ئاخافتن ناکات، بەڵکو هەوڵدەدات بەڕێزەوە و وشەی جوان بەکاربێنێ و هەڵە نەکات، ئەمە بە هۆی پایەی ئەو کەسە لەسەر دەروونی، بەڵام لۆ پێغەمبەرمان(علیه السلام و البركات) دەفەرمووێ: (إِنَّ الَّذِينَ يَغُضُّونَ أَصْوَاتَهُمْ عِندَ رَسُولِ اللَّهِ أُوْلَئِكَ الَّذِينَ امْتَحَنَ اللَّهُ قُلُوبَهُمْ لِلتَّقْوَى) لەبەرامبەر ئەم هەڵسوکەوتەیان چییان لۆ دەبێت؟ (لَهُم مَّغْفِرَةٌ وَأَجْرٌ عَظِيمٌ)(الحجرات3).

## کێ کێی بە (خلیل) هەڵبژارد؟

ڕۆژێکیان پێغەمبەر ئیبراهیم(علیه‌السلام) لە دوای ئەوەی بناغەی بەیتی بەرزکردەوە (رفع قواعد البيت) دەستی کرد بە دوعا کردن، لەبەرئەوەی ئیبراهیم(علیه‌السلام) (وَاتَّخَذَ اللَّهُ إِبْرَاهِيمَ خَلِيلاً)(النساء125) واتە ئیبراهیم(علیه‌السلام) خودای بە (خلیل)ی خۆی گرت، دوای ئەوەی ئیمانی بە ئایەتەکانی خودای ڕەحمان هێنا، ئەمە ڕایەکە لە ڕایەکان، چونکە خودا لەمە مەزنترە و کەس بە (خلیل) بگرێت، نەك خودا(ﷻ) ئەوی بە دۆست گرتبێت، ئینجا فەرمووی: (رَبَّنَا وَابْعَثْ فِيهِمْ رَسُولاً مِّنْهُمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِكَ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَيُزَكِّيهِمْ إِنَّكَ أَنتَ العَزِيزُ الحَكِيمُ)(البقرة129)، ئەگەر لەم ئایەتە ورد ببینەوە پێشخستن و دواخستنێك هەیە، ئەمە پارانەوەی پێغەمبەر ئیبراهیمە(علیه‌السلام) لە خودای ڕەحمان و ئەویش قەبوڵی دەکات لەبەرئەوەی پێغەمبەرە، بەڵام وەڵامی خودای ڕەحمان چی دەبێت؟ (هُوَ الَّذِي بَعَثَ فِي الْأُمِّيِّينَ رَسُولاً مِّنْهُمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَإِن كَانُوا مِن قَبْلُ لَفِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ)(الجمعة2)، لەم ئایەتەی کە پێغەمبەر ئیبراهیم(علیه السلام) دوعا دەکات بۆ هاتنی پەیامبەرێك بەم جۆرەیە: کە (يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِكَ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ) ئینجا (وَيُزَكِّيهِمْ) وشەی (تزكية) لە پاش وشەی (وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ) هاتووە، بەڵام ڕاستییەکەی چۆنە؟ ڕاستییەکەی بریتییە لەم شێوازەی کە خودای ڕەحمان خۆی لە چەند جێگەیەك دەفەرموێت: (هُوَ الَّذِي بَعَثَ فِي الْأُمِّيِّينَ رَسُولاً مِّنْهُمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ) لە دوای (تلاوة الآيات) یەکسەر (تزكية) دروست دەبێت، ئینجا پاشان (تعليم) دێت، (وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ)(الجمعة2)، خودای ڕەحمان دوعاکەی پێغەمبەر ڕاست دەکاتەوە، لەبەرچی ئیبراهیم(علیه السلام) پێش و پاشی بەم ڕیزبەندییە کرد؟ ئەمە دەهێلینەوە بۆ کۆتایی. لە کۆتایی ئایەتەکە دەفەرمووێت: (وَإِن كَانُوا مِن قَبْلُ لَفِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ)(الجمعة2).

## شیکردنەوە ی ئێش وناڵە (معانات) و

## پەرۆشیی (حرص)ی پێغەمبەر(علیه السلام و البركات)

یەکێك لەم مەقام و پایانەی کە پێغەمبەرمان لەسەر دوو توێژ هەیەتی ئەوەیە کە دەفەرمووێت: (لَقَدْ جَاءَكُمْ رَسُولٌ مِّنْ أَنفُسِكُمْ عَزِيزٌ عَلَيْهِ مَا عَنِتُّمْ) ناڵە و (معاناة)تان، لێرە باسی (معاناة)ی هەموو بەشەرییەت دەکات، واتە(عزيز عليه ما تعانونه) (حَرِيصٌ عَلَيْكُم) لۆئەوەی هەمووتان بباتە بەهەشت، خودای ڕەحمان بە دوو وشەی پێناسەی پەیامبەرێتی پێغەمبەرمان(علیه السلام و البركات) دەکات:

یەکەم: (معاناة)ی ناڵەی پێغەمبەرمان لۆئەوەیە کە بەشەرییەت لە نێو ئیمان نییە بەمە ناڵە و موعاناتی دەبێت، هەر ئەویشە هۆکاری ناڵەی پێغەمبەرمان.

دووەم: پەرۆشیی پێغەمبەرمان لۆئەوەی بوو نەهێڵێت بەشەرییەت بچێتە جەهەنەم، بەڵکو پاڵیان پێوەبنێ لۆ بەهەشتت، هەر ئەوەش بووە ئیشی (أنبیاء)ەکان و بە تایبەتیش پێغەمبەرمان، ئەم بۆ تویێژە گشتییەکەیە، بەڵام بە گوێرەی ئیمانداران (بِالْمُؤْمِنِينَ رَؤُوفٌ رَّحِيمٌ)(التوبة128)، ئایا دەزانن ئەو دوو ناوە (رَؤُوفٌ رَّحِيمٌ) ناوەکانی خودای ڕەحمانن، واتە بەبێ وێکچوواندن هەروەکو خودا بەم دوو ناوە مامەڵە لەگەڵ ئیمانداران دەکات، کەواتە مرۆڤایەتی بێبەش نەبوونە لە پێغەمبەرمان(عَزِيزٌ عَلَيْهِ مَا عَنِتُّمْ حَرِيصٌ عَلَيْكُم) ئینجا (بِالْمُؤْمِنِينَ رَؤُوفٌ رَّحِيمٌ) لەبەرچی بەم جۆەریە لۆ ئیماندارن؟

## کاتێك پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) لە ئیمانداران نزیکتر دەبێتەوە

## لە خۆیان زیاتر بۆ خودی خۆیان...

کاتێك دەگاتە ئەو ئاستەی بە ڕاستەقینانە (النَّبِيُّ أَوْلَى بِالْمُؤْمِنِينَ مِنْ أَنفُسِهِمْ)(الأحزاب6) ئەگەر بە کردەییانە لەگەڵ ئیماندارن (رَؤُوفٌ رَّحِيمٌ) بێت، دەبێ پێغەمبەر پەرۆشیی زیاتر بێت لە خودی ئیماندارەکان لەسەر بەرژەوەندی ئیماندارەکان خۆیان، واتە (بەبێ وێکچوواندن) کۆمەڵە منداڵێك لەم ڕۆژگارەمان تەمەنی واقیعییان وایە زۆرجار بەرژەوەندییەکان و زیانەکانی خۆیان لەیەکتر جیا ناکاتەوە و لەبەرئەوەی دایك لە باوك بە بەزەیی ترە، و لەبەرئەوەی دایك پەرۆشیی(حرص)ی لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەو منداڵەی زیاترە، لەبەرئەوەیە زۆربەی کاتەکان دایکەکە لە هەموو کاتێك بیری لەلای منداڵەکەیەتی، لۆئەوەی بتوانێت پارێزگاری لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەو منداڵەی بکات، کەواتە دایکەکە لە پێشتر و (أولی)ترە بە بەرژەوەندی منداڵەکەی لۆ منداڵەکەی، بە هەمان شێوە پێغەمبەرمان بەمجۆرەیە لۆ ئیمانداران (النَّبِيُّ أَوْلَى بِالْمُؤْمِنِينَ مِنْ أَنْفُسِهِمْ)، بە بڕوای من ڕەحمی هەموو دایکەکان هەر لەدایکە حەوا و تا کۆتا دایك لەسەر زەوی ڕەحمی هەموویان کۆبکرێتەوە و ئەم هەموو ڕەحمە کۆکراوەیە و ئاڕاستەی یەك منداڵ بکرێت، ئەوا بە بڕوای ئێمە پێغەمبەر بەڕاددەی هەموویان (حرص) و ڕەحمی لۆ ئێمە زیاترە و ئەوەندەش پەرۆشە لەسەر دونیا و دواڕۆژمان، لۆیە خودای ڕەحمان بە وشەی ڕەحیمی ناوی دێنێ (بِالْمُؤْمِنِينَ رَؤُوفٌ رَّحِيمٌ)(التوبة128)، لەبەرئەوەیە ماف بەخۆی دەدات ببێتە خاوەن بڕیار (ولي أمر)، تەنانەت هاوەڵ هەبوو کاتێك کۆچی وایی کردووە قەرزار بووە، ئەویش فەرموودەی هەیە کە ئەو کەسەی قەرزی خەڵکی لەسەر بێ خەڵکی بەهەشتیش بێ نایەڵن بچێتە بەهەشت تاکو قەرزەکەی نەدرێتەوە و ئەمە فەرموودەیەکی (صحیح) ە و لە بوخاری و موسلیم هەیە، دەفەمووێت: ئەگەر یەکێك مرد و قەرزی لەسەر بوو و کەسوکاری نەیانتوانی قەرزەکەی لۆ بدەنەوە، (أنا أولی به) با بێن بۆ لای من، من قەرزەکەیان دەدەمەوە، لۆ بەم شێوەیە؟ (النَّبِيُّ أَوْلَى بِالْمُؤْمِنِينَ مِنْ أَنْفُسِهِمْ)، بەڵام لەبەرچی نەیفەرمووە ( الرسول النبي) واتە لە ئاستی پەیام (الرسالة) چەمکەکە دابەزێنێتە واقیع بە گوێرەی ویستی خودای ڕەحمان سەدا سەد؟ (النَّبِيُّ أَوْلَى بِالْمُؤْمِنِينَ مِنْ أَنْفُسِهِمْ) لە تەواوکاری ئایەتەکە دەفەرمووێ: (وَ أَزْوَاجُهُ أُمَّهَاتُهُمْ) ئەگەر ئیماندار دایك (أمهات)یان هەبێت نابێ باوك (آباء)یان هەبێ؟

(إِنَّ اللَّهَ وَمَلَائِكَتَهُ يُصَلُّونَ عَلَى النَّبِيِّ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا صَلُّوا عَلَيْهِ وَسَلِّمُوا تَسْلِيماً)(الأحزاب56) تەنها پێغەمبەرە لە نێو قورئاندا بەم جۆرە ڕێزی لێنرابێت، کە دەربڕیدەخات خودای ڕەحمان و فریشتەکان بەردەوام لە پەیوەندیدان لەگەڵ پێغەمبەرمان(علیه السلام و البرکات)، لەبەرئەوەیە داوا دەکات (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا صَلُّوا عَلَيْهِ) کاتێك پەیوەندیتان لەگەڵی گرت(أتصال) یەکسەر سڵاوی لێ بکەن (وَسَلِّمُوا تَسْلِيماً)، بە پشتیوانی خودا لە (رئفة و رحمة)ی ئەو پێغەمبەرە بێ بەشمان نەکات، و بیکاتە باشترین (ولي) لۆ دونیا و ڕۆژی دواییمان.